# پوختەیەك دەربارەی پارتی سەربەستیی کوردستان PSK.

ناو: **پارتی سەربەستیی کوردستان**. (پ. س. ك) بە ڕێنووسی لاتینی و ئینگلیزی
**( Parti Serbesti Kurdistan ) ( P .S. K )**
بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی ( **حزب سربستی کوردستان** )

**پارتی سەربەستیی کوردستان**، لە ٢٨ی ڕێبەندانی ٢٧٠٥ی کوردی و ١٧-٢-٢٠٠٦ زایینی. وەک پارتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆیخوازی کوردستانی، بە بیرۆکەی عارف باوەجانی دامەزراوە.
تا ئیستا ١٠ کۆنفرانس وسێ کۆنگرەی بەستووە.
پارتی سەربەستیی کوردستان: پارتیکی ڕامیاری و لیبراڵدیمۆکراتە.
**( پ س ک )** لە پێناو وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات. تێدەکۆشی بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی و دیمۆکراسی و ئاشتی و ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. هەوڵدەدا بۆ پاراستنی ماف وڕێزی بەرامبەر، بۆ گشت چین و توێژەکانی جیاوازی ئاینی وکەلتوری و ڕگەزی لە کوردستاندا .

**کۆنگرەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان.**
**کۆنگرەی یەکەم:** کۆنگرەی یەکەمی لە ١٣-١١-٢٠٠٩ لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ بەستووە .

**کۆنگرەی دووەمی :** ڕێکەوتی ٢٠١٣/٢/١٤ کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان، لە ژێر ناوی ( کۆنگرەی بەرەو کۆکردنەوە ویەکگرتنی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ) بە بەشداری٦٣نوێنەری ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان. لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بەسرا.

**کۆنگرەی سێیەم:** کۆنگرەی سێیەم لە ژێر ناوی ( کۆنگرەی بووژانەوەی هزری سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان). لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٧ی فەبرواری ٢٠٢٣بەڕێوە چوو.
ئەم کۆنگرەیە بە هۆی هەلومەرجی تووندی ئەمنی و هەڕشەی مووشەکی و درۆنی ئێران، بە شێوەی ئۆنلاینی و داخراوەیی، لە نێوان باشووری کوردستان و وڵاتانی ئوروپایی، لە کۆی ٩ گرووپ، لە ماوەی٧ ڕۆژدا بەڕێوە چوو.

**پێگەو نفووزی پارتی سەربەستیی کوردستان.**
**(پ س ک )** خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و ڕێکخستنی تۆکمەیە بە شێوەی نهێنی لە ناوخۆی وڵات، بە سەدان ئەندامی ئاشکرا لە باشووری کوردستان و، وڵاتانی دەرەوە. بنکەی پێوەندی، و کۆمیتە و ڕێکخستنی لە چەندین ناوچەی باشووری کوردستان هەیە، هەروەها چەندین کۆمیتەی لە وڵاتانی دەرەوە هەیە.
**پارتی سەربەستیی کوردستان**، لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، وەک لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری پێکراوە. توانیوێتی لە ئاستی دیپلوماتی جیهانیەوە پێوەندییەکی بەهێز دروست بکات. بێجگە لەوەش ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەبوو بۆ بە جیهانیکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگەی میدیاو ڕێکخراوە گرنگەکانی جیهانەوە.

